www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 4-7-2006 17:51

# نازانم بڵێم ژن یان ئافرەت دەک خەجاڵەت بن ... ئیحسان مەلا فوئاد ...

ماوەیەک پێش ئێستا بابەتێکم نووسی بە ناوی (لە بەرامبەر ئافرەتدا مرۆڤێکم نەک پیاو) لە بەشی کۆمەڵایەتی سایتی جێندەردا بڵاو بووەوە، من وەکوو خوودی خۆم ووشەی ئافرەتم لا دروست ترو گشتگیرتر بوو لە بەکارهێنانی ناوی ڕگەزی مێینە چونکە چەمکی ئافرەت هەموو ڕەگەزی مێینە بە گشتی دەگرێتەوە بەڵام من قسەکەم لە سەر ئەوەیە کە لە دوای بابەتەکەم نارد بۆ سایتێکی بە ناونیشانی سایتی (جێندەر) بەلا م ئەوان هەرچی ووشەو زاراوەی ئافرەت هەیە لە بابەتەکەدا گۆڕیبویان بۆ ووشەی (ژن) بێ ئەوەی پرسێکی نووسەرەکەی بکەن بۆ گۆڕینی ئەو ووشەگەلانەی (ئافرەت بە ژن) کە ئەو جیاوازیگەلەش لە نێوان ئەو دوو چەمکەدا لای من کەم و کوڕی و ناتەبایی و نایەکگرتوویی ڕەگەزی مێینە دەردەخات، سەرەڕای ئەوەی کە ڕۆژانە ئەو ڕەگەزە تووشی چەندین کێشەو گرفتی کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئابووری و کەلتووری دەبنەوە کە ئەو کێشانە لەوە زۆر گەورەترن کە جیاوازی لە نێوان ئەو چەمکەدا بکرێت، بۆیە وەکوو خودی ئیحسان وەکوو گەنجێک وەکوو ڕەگەزێکی بەرامبەر داوام وایە لە ڕێکخراوو گرووپ و کۆمەڵەکانی ژنان ئافرەتان خوشکان کچانی کوردستان هەرچەندە یەکێتی و پارتی و یەکگرتوو حزبەکانی تر ئەو ململانێ و ناتەبایی و جیاوازیانەیان لە نێوان ئەو دوو چەمکەدا دروست کردووە ئەوا ئەو ڕگەزە با خۆیان دوور لە حزبەکانیان کار بۆ یەکخستنەوەو یەکرێزی خۆیان بکەن و ئەو ووشەگەلانە بگۆڕن بە ووشەیەکی گونجاو بۆ ئەوەی چیتر ئازادی و یەکسانی بێتە کایەوەو زیاتر واڵاو فراوانتر بێت چونکە مافی مرۆڤ و یەکسانی و ڕێزگرتنی هەردوو ڕەگەز بە بێ جیاوازی بریتیە لە هێنانە ئارای سیستمێکی گونجاوو کۆمەڵگەیەکی مەدەنی.

سەبارەت بە نووسینی ئەم بابەتەش ویستم بابەتێک لە سەر ڕەگەزی مێینە بە ناوی (خودایە ئۆباڵی ئەو ڕگەزە لە ئەستۆی کێدایە) بنووسم بەڵام دامابووم لە سەر ئەوەی بنووسم ئافرەت یان ژن یان خوشک یان کچ چونکە نابێت بە تەنها ناوی یەکێک لەو چەمکانە بێنیت لە بەر ئەوەی خاوەنی داهێنانی ئەو چەکانەی تر دڵ گران دەبن بۆیە نووسینی ئەو بابەتەم وەستان.

Ehsanhaji-82@hotmail. com